# بۆ دەبێ سەربازی تورك لەشارەكانی كوردستاندا هەبن؟

شاخەوان شۆڕش

وەک لای هەموو کوردێک ئاشکرایە هاتنی سوپای تورک بۆ باشووری کوردستان لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی تورک و لەهەمانکاتدا سەرکوتکردنی جولآنەوەی رزگاری کورد لەکوردستانی داگیرکراودایە. لەسالآنی نەوەتەکاندا هەردوو پارتی دەسەلآتداری یەکێتی و پارتی لەشەڕی کوردکوژی و دژ بەیەکتریاندا، هەروەها لەشەڕی دژی پەکەکەدا دەستی سوپای تورکیان راکێشاوەتە کوردستان. لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندی سەرکردەو پارتەکانیاندا ئامادەبوون پێشێلی بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد بکەن و کوردستان بکەنە شوێنی تەڕاتێنی داگیرکەران. شەڕە ناوخۆییەکان و ڕاکێشانی دەستی سوپای داگیرکەران لەگەڵ هەموو بنەماکانی کوردایەتی ناکۆکەو هیچ پاساوێکی بۆ ناکرێت. خەڵک بەهیوابوون کەوا ئیتر دەسەلآتە کوردیەکان بەخۆیاندا چوونەتەوەو هەنگاوێ نانێن زیان بە بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد بگەیەنێ. بەلآم هەواڵی گرتنی **١١** سەرباز و ئەفسەری تورک لەشاری سلێمانی، بووە هۆی دروستکردنی گەلێ پرسیارو هەژاندنی گەلێ کەس. خەڵک دەپرسێ: سەربازو ئەفسەری تورک چ کارێکیان لەسلێمانی هەیە؟! بەپرس و ئاگاداری کێ ئەوانە هاتوونەتە کوردستان؟! گویایە هەندێ چەکداری سەربە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لەبارەگاکەدا بووین! ئەگەر رێکەوتنێک لەگەڵ حکومەتی تورکیا بۆ هاتنی ئەمانە کراوە، بۆ خەڵکی کوردستانی لێ ئاگادار نەکراوەتەوە؟ ئەگەر رێکەوتنێک کراوە، بۆ خەڵک لەناوەڕۆکی رێکەوتنەکە ئاگادار ناکەنەوە؟ گەر ڕێکەوتن نەبووەو ئەوانە دزەیان کردۆتە کوردستان، بۆ بۆخەڵکی روون ناکەنەوە، کەی و چۆن؟ دیارە بوونی چەکدارەکانی یەکێتی لەوێدا، بەئاگایی یەکێتی لەبوونی ئەم تورکانە ئاشکرا دەکات. بەپێی هەواڵەکان ئەم تیمە سەربازە تورکیە پلانی کوشتنی پارێزگاری کەرکوکیان بەدەستەوە بووە. دیارە تورکیا زۆربەی کارتەکانی دژ بەکوردی دۆڕاندو گومان لەوەدانییە هەڵبژاردنی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکوک زەبرێکی کوشندە بوو بەتورکیا کەوت. تورکیا ئەم سەرکەوتنانەی کوردی باشووری زۆر لاگرانەو بۆی قووت ناچێت، بۆیە هەوڵ دەدات بەهەر ڕێگایەک بێت دەست تێکەلآوی ناوچەکە بکات و کارێ بکات زیان بەکوردو کێشەکەی بگەیەنێت. کارێ بکات ئارامی لەکوردستاندا نەهێڵێت و بەنزین بەناکۆکیە رەگەزیەکانی ناوچەکەدا بکات. دیارە گومان لەوەدایە سەربازو ئەفسەری تورکی تەنها بۆ کارێکی تایبەت هاتبن، زۆر واپێدەچێ ئەوانە گەلێ کاریتریان لەئەستۆدا بووە. ئەم رووداوە ئەوە دەردەخات کەوا هەموو بارەگاکانی بەرەی تورکومانی وەک بنکەیەکی میتی تورکی، کار بۆ تورکیا دەکەن و چاڵ بۆ ئازادی خەڵکی کوردستان هەڵدەکەنن.

شایانی گوتنە بوونی سوپای تورکیا لەکوردستاندا دژی بەرژەوەندی نەتەوایەتی کوردەو پێویستە بەهەوو شێوەو ڕێگایەک هەوڵی دەرکردنیان بدرێت. دەسەلآتی کوردی بەرپرسیارە لەبوونی سەربازو ئەفسەری تورکی لەهەر شارێکی کوردستاندا. روون نەکردنەوەو ئاگادارنەکردنەوەی خەڵک لەبوونی سەربازی تورک لەشارێکی کوردستاندا کارێکی زیانبەخشەو هیچ پاساوێکی بۆ نییە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.